# شاخەوان عارف ڕاهێنەری لاوانی یانەی بروسک

## پێشتر

**شاخەوان عارف یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر، لە دایکبووی شاری هەولێرو تەمەنی ٣١ ساڵە، دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشـــییە، ئێستا مامۆستای وەرزشە و ماوەی چەند مانگێکە هاتۆتە ریزی یانەی بروسک، مەشق بە تیپی لاوانی یانەکە دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی ئەمســـاڵی خولی کوردستان لە چ ئاستێك بوو؟**

-بەشێوەیەکی گشتی تیپەکان ئاستیان لێك نزیك بوو، خولێکی بەهێز بوو لە گشت ڕوویەك.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم خولە؟**

- خولەکــە بکرێتە دوو قۆناغ زۆر باشـــترە بۆئەوەی یاریزانان سوودی لێ ببین.

***چۆن بوو بویتە ڕاهێنەری یانەی بروسك؟**

-دوای ئــەوەی بە بڕیاری خۆم دەســت لە کارکێشـــانەوەی یانـــەی ئاســـۆم ڕاگەیاند، ســـەرکەوتنی ئامانجەکانم لە یانەی بروسك ڕەنگـــی دەدایەوە، بۆیە پێم بـــاش بوو بچمە یانـــەی بروســـك، چونکە خاوەن دەســـتەی کارگێڕیەکی وەرزشییە.

*** تۆ کوڕی یانەی ئاســـۆی بوویت، چۆن بوو ئەو یانەیەت جێهێشت؟**

-حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەك باسی یانەی ئاســـۆ بکەم، هۆکارێـــك هەبوو پێوەندی بەخۆمەوە هەبوو، ئەوان برای منن، حەز ناکەم ئەو لاپەڕەیە هەڵدەمەوە.

***تەمەنـــت بچـــووك بوو، چـــۆن بوو بڕیاری وازهێنانت لە یاری کردن دا؟**

- ئێستاش زۆرجار باس دەکەم، بەخت دژم بووە لە ژیانی وەرزشـــیم، دیارە قسەمەتەکەم هەر ئەوە بووە، دوا ساڵ لەگەڵ یانەی ئاســـۆ تووشی پێکان هاتم، ئـــەوەش چەند جارێك دووچارم بۆوە، دواتریش یانەکـــەم دابەزی بۆ پلە یەك و خۆشـــم نیـــازم هەبوو لە مانچستێر بخوێنم، بۆیە بڕیاری واز هێنانم دا.

***کێشە و گرفتان لە یانەکەتان چییە؟**

-هیـــچ کێشـــەیەکمان نییە تەنیـــا نەبوونی یاریگایەکی فریزی دەســـتکردە، کە زۆرجار لە سەرمای زســـتان یاریگای فریزمان نییە مەشـــقی لێ ئەنجـــام بدەیـــن، بودجەیەکمان هەیە بۆ تیپەکە سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەیـــن، زۆر هاوکاریمان دەکات. پێویستە بەرپرســـەکانیش بەیەك چاو سەیری هەموو یانەکان بکەن.

***چـــۆن یاریزان دەستنیشـــان دەکەن، بۆتیپی لاوان؟**

- هەمیشە پشت بە یاریزانی بە جولە دەبەستم، لـــە تیپە میللییـــەکان و یاریـــگاکان یاریزان دەستنیشان دەکەین.

***بیستومانە چەند یانەیەك داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لێکردوی؟**

-بەڵێ چەندیانەیەکی پلـــە نایاب و پلە یەك داوایان لـــێ کردوم، بەڵام مـــن هەر حەز لە یانەی بروســـك دەکەم، تەمەنێکی دووردورێژم لەگەڵ یانەی ئاسۆ بەرێ کرد، حەزیش دەکەم دوو ئەوەنـــدی ئەو تەمەنـــەم خزمەتی یانەی بروســـك بکەم، ئەگەر ئەوان پێویستیان بەمن بێت، چونکە من کوڕی ئەو یانەیەم.

***هیوات چییە لەگەڵ یانەی بروسك؟**

-هیوا سنووری نییە بەهیوام بتوانم ئەنجامی باش لەگەڵ یانەی بروســـك بەدەســـت بهێنم، کۆمەڵێك خەونم هەیە لەگەڵ ئەو یانەیە.

***دەڵێن لە پرۆژەی گۆڵیش ڕاهێنەری؟**

-بەڵێ لەو پرۆژیەش وەکو ڕاهێنەر کاردەکەم، کۆمەڵێك یاریزانم هەیە.



# قەیس بلباس راهێنەری تیپی چوارچرای کوردستان لە نەرویج

## پێشتر

***هۆکاری سەرکەونەکەوتن لە خولی نەرویجی بۆپلە پێنج بۆچی دەگەرێتەوە ؟**

- بەراستی ئێمە لە گروپێکی زۆر بەهێز دابوین،لەبەر ئەوەی یاسـای تۆپی پێ نەوریجی گۆڕا بوو،لە پلە سـێ ١٨تیپیان گەراندەوە بۆپلە چوار لە پلە چواریش ١٨تیپ بۆپێنج و تاکو پلە هەشت بەم شێوەیە بوو،ئێمە لە پلە شـەش کە بەشدارین توانیمان لە چوارگۆشەی زێریـن بمێنینەوە لـە کۆمەلی ئێمـەش یەك تیپ بەسـەردەکەوت بۆیە تاەنیا توانیمـان بمێنینەوە نەمان تاوین سەرکەوین بۆپلە پێنجی نەوریجی .

***ئەمساڵ بەنیازن بەشداری پاڵەوانەتی نۆروای کوپ بکەن ؟**

-نە خێر بەشـداری ناکەین،چونکـە وەزارەتی وەرزش ولاوان نەما کـەس پشـتگیریمان ناکات،بۆیە نەمان توانـی بەردەوام بین لـەم پاڵەوانەتیە چۆن پەیوەندی بکەین،چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆئەم پاڵەوانەتیە .

***ئـەی پەیوەندیتـان لەگـەڵ یەکێتـی تۆپی پێ کوردستان نەکردوە؟**

-نەخێر،بەڵام ئەگەر یەکێتی تۆپی پێ کوردستان پێیان خۆش بێت،ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە پەیوەندی بکەین بۆهاوکاری کردنی یەکتری،بۆئەوەی خۆمان بەهێزتر بکەین پشـتگیری ئەوان بۆئێمە مادی و مەعنەوی گەورەیە لە رێـگای رووداوەوە هیوای ئەوەمان هیەیە یەکتری بناسین و بۆهاوکاری کردنی یەکتری .

***داواتـان لە حکومەتـی هەرێم نەکـردوە بۆئەوەی هاوکاریتان بکات ؟**

-نەخێر چونکە ئـەوەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئێمە پەیوەندیمان لەگەل وەرزارەتی وەرزش ولاوان بەهێز بوو بە تایبەتی کاك تەهابـەرواری زۆر خزمەتی ئێمەی دەکرد،بـەڵام دوای نەمانی کاك تەهـا ئێمە نازنانین کێ بەرپرسە لە وەرزش کە ئێمەش دابراین لە وەرزشی کوردستان .

***دەنگۆیـەك هەیـە کـە دەڵـێ، یانەکەی ئێوە نەماوە ؟**

-نە خێر ئەم قسانە تەنیا پروپاگەندەیە،لە ولاتی نەرویج بەفەرمی دووتیپی کـوردی هەیە ئەویش چوارچرا و کوردستان فتبۆل کلوپە هەردوویانە لەپلە شەشین.

***کێ یارمەتی یانەی چوارچرادەدات ؟**

-کەس یارمەتی ئێمە نادات کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا لەسەر پێ خۆمان دەروین بەرێوە ئێمە بەۆخمان خزمەتی خۆمان دەکەین،ئێمە لە دەرگای هەموو کەسێك دەکەین بۆئەوەی یارمەتیمان بدات .

***داواکاریتان چیە لەبەرپرسانی کوردستان؟**

-ئێمە شـانازی بە حکومەتی کوردستان دەکەین بۆیە داواکارین پشتگیرمان بکات .

***پەیوەندیتان لەگەڵ یانەی هەولێر نەکردوە بۆئەوەی یاریزانی بەتوانای پێ بدەن؟**

-من پەیوەندیم زۆر بەهێـزە لەگەل کارگێرانی یانەکە ویەکـە یەکـی یاریزانانی یانەکە بەڵام تاکو ئێسـتا نەگەیشـتوینەتە ئەوەی رێکەوتێنێکی فەرمی بکەین لە نێوان هەردوو لامان،وتیشـی ئەمساڵ یاریزانێکم بە ناوی ئـازاد کوردی رۆژ هەڵات لـە یانەیەکی پلە دووی نەوریج وەرگیرا کە گۆلکاری خولی یانەکانی نەوریج بوو،ئەوە شـتێکی چاکە کەوا یاریزانێ:ی وا بەتونا خزمەتێکی یانەیەکی کوردی بکات ئەگەر ئەو پەیوەندیە لە رێگای روداو دروست بێت زۆر باشترە .

***برنامەتان چیە وەکو یانەی چوارچرا؟**

- ئێمـە هەولمـان ئەوەیە بتوانین ئـەو پەیوەندیەمان لەگەڵ بەرپرسـانی وەرزشی کوردستان دروست بێتەوە لەرێگای روداوەوە بۆهـاوکاری کردنمان .هیوای من ئەویە بتوانم یاریزانی نوێ دروست بکەم .

***بۆچـی خۆتان بـە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردسـتان نەناساندوە بۆهاوکاریی کردنتان؟**

-کاتی خۆم بە مـەلا بەختیارم وت لە نەرویج ناوبراو زۆر بەرێـزەوە وتـی ئەگەر هاوکاریتـان ویست من لە خزمەت دام،بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرقاڵ بو خەلکێکی زۆر لە دەوری بوو نەمان توانی درێژە بە قسە کانمان بدەین،بۆیە ئێستا ئەگەر لەرێگای روداوە بێت باشترە بۆدروست بوونەوەی ئەم پەیوەندیە بۆئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردسـتان پەیوەندی دروست بکەین.

***ئێسـتاش لە نەوریج بە ئاڵای کوردستان بەشداری خولەکان دەکەن؟**

-بەلێ ئێمە پێش هەموو یارییەك سوێند بەخوا سوێند بە گۆری شـەهیدان و سـوێند بە کوردو کوردستان یارییەکانمان ئەنجام دەدەین.ئەوە سوێندی یاسایمانە

***لە کۆتای ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- ئێمـە لە نەوریج تەنیا دوبرای بەرێزم کاك سـورێن وسـیزارکارگێرانی یانەکەمان زۆر هـاوکاری یانەکە دەکەن خۆبە خشـیی کاردەکەن .سوپاسـی گۆڤاری گوڵان دەکەم،کەوا هاوکاری وەرزشوانان دەکات.






قیس بلباس لەدایك بوی سـاڵی ١٩٧٣ی شاری هەولێر ئێسـتا دانیشوی ولاتی نەرویجە وخاوەن دووبروانامەی راهێنەریە وماوەیەکیشە راهێنەری تیپی چوارچواری کوردستانە لە ولاتی نەوریج کە بەشداری خولی نەوریجیە لە بارەی هۆکاری داویان گۆرنکاریەکان و سەرنەکەتونیان بۆریزەکانی تر ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.

### کارلین کاردیلۆ یاریزانی تێنسی سەرمێزی هەڵبژاردەی پۆرتەریکۆ

# کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆش و جوان و پێشکەوتووە

***چۆن بوو بە تەنیا هاتیە کوردستان؟**

- خـــۆم ئارەزوویەکـــی زۆرم هەیە بۆ یاری تێنس، بۆیە خۆشەویستی ئەو یارییە وایلێکردم بێم بۆ بەشداریکردنی ئەو پاڵەوانیەتیە.

***ئاستی پاڵەوانیەتیەکە چۆن بوو؟**

-ئاســـتی پاڵەوانەتیەکە زۆر بـــەرز بوو، بە تایبەتی تیپەکانی میسر و سوێد زۆر ئاستیان بەرز بوو. ڕێکخستنێکی باشی بۆکرابوو.

***بۆتۆ کارێکی ئەســـتەم نەبـــوو لەم وڵاتە دوورە بێیتە کوردستان بۆپاڵەوانیەتیەکی وا؟**

-نەخێر من پێش ئەوەی بێمە کوردســـتان لە وڵاتی ســـوێد لە خۆئامادەکردن بووم بۆئەو پاڵەوانەتیە، بۆیە لەوێشەوە ڕاستەوخۆ هاتمە کوردستان.

***ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەڕاستی ئاستی وەرزشی کوردستان زۆر بەرزە، ئـــەوەی من بینیم لـــەو ماوەیە ئەو ناوچەیە زۆر پێشکەوتووە لەگشت ڕوویەك.

***لە ماوەی مانەوەت بۆچوونت چییە لەسەر کوردستان؟**

-بەڕاســـتی وڵاتێکی زۆر جوان و خۆشـــە، لێرە هەموو شتێك لە پێشکەوتنە، بە هیوای ئـــەوەم جارێکی تر بگەڕێمەوە ئەو هەرێمە جوانە.

*** ئەگەر یانەیەکی کوردســـتان داوات لێ بـــکات ئامـــادەی بێیتە کوردســـتان یاری بۆبکەی؟**

-لـــەو باوڕەدا نیمە بتوانم بێمە کوردســـتان، چونکە ناتوانم لە دایك و باوکم جیا ببمەوە.

***بەهیـــوای ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

-بە دڵنیایەوە دەگەڕێمەوە.

***بۆچوونت لەسەر خەڵکی کوردستان چیە؟**

-بەڕاســـتی خەڵکی زۆر باش لێرە هەیە بە تایبەتـــی خەڵکی شـــاری هەولێر کە زۆر غەریب دۆستن.

***هیچ کێشـــەو گرفتت تـــووش نەبوو لەم ماوەیە؟**

-نەخێر هەمـــوو کار ئاســـانییەکیان بۆمان ئامادە کردبوو، لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

***دوا وتەت ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-تەنیا خۆشەویســـتیم بۆئێوەی خۆشەویست کە زۆر ڕێزیان لە ئێمە گرت.





کارلین کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانەو لە وڵاتی پۆرتەریکۆ لە یەکێك لە وڵاتە دراوســـێیەکانی ئەمریکایە، بەتەنیا هاتۆتە کوردســـتان بۆبەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی تێنســـی سەرمێزی جیهانـــی، ئێمەش لـــە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.





# شتیفی گراف ئەستێرەی ئـــ

## سەرکەوتنەکانی گراف وەکو یاریزانی پیشەگەر

ساڵی ١٩٨٨ توانی یەکەمین نازناو بەدەست بێنی، دوای ئەوەی لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆنی بردەوە و ساڵی ١٩٨٣ بەشداری لە پاڵەوانییەتی فەرەنسا کرد و لەچەند یارییەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەهەمان ساڵدا گراف خوێندنی جێهێشت و خولیای زیاتری خستە سەر مەشقەکانی و گەیشتە پلەی (٩٨)ی ریزبەندی جیهانی و ساڵی ١٩٨٤ نازناوی پاڵەوانییەتی تێنسی سەرزەوی ئافرەتانی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی لۆس ئەنجیلۆسی ئەمریکی بردەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بچووکترین یاریزان بووە کە یەکەمین جار بەشداری لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن بکات و ریزبەندی گەیشتە (٢٢)ی لەسەر ئاستی جیهانی، ساڵێك دواتر گراف گەیشتە یاری کۆتایی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە، گەیشتە ریزبەندی شەشەمین لەسەر ئاستی جیهان و لە ساڵی ١٩٨٦ توانی نازناوی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە بباتەوە و لە یاری کۆتایی لە کچە یاریزانی مارتینا نافیراتیلۆڤا بباتەوە، کە ئەو کات لە پلەی یەکەمی جیهان بوو، لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ خەڵاتی باشترین وەرزشوانی جیهانی لە تێنسی سەرزەوی وەرگرت، لە رکابەریەکی بەهێز لەگەڵ چەندین ئەستێرەی جیهانی وەکو ئەرژەنتینی گابریێلا ساباتینی و ئیسپانی سانشێز، دواتر کەوتە رکابەری یەکەمی ریزبەندی گشتی جیهانی سویسری، مارتینا هینگیز نازناوەکەی لێوەرگرتەوە. شتیفی گراف لە مێژووی پیشەگەری توانی (٢٢) نازناوی جیهانی بباتەوە و لەوانە شەش پاڵەوانییەتی فەرەنسای کراوە لەپاریس و چوار پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن لە لەندەن و چوار پاڵەوانییەتی ئوستڕالیای کراوە، لەهەمان کاتدا

شـــتیفی گراف لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٩ لە ناوچەیەکی سەر بە شاری هاید لبیرگی ئەڵمانی لەدایکبووە و لە کۆمپانیای خۆماڵـــی باوکی فەرمانبەر بووە و دایکیشـــی کاری بارزگانی ئۆتۆمبێلـــی کـــردووە. جارێکیان بە دیاری رۆکێتێکی تێنســـی سەرزەوی پێشکەش بە کچەکەی کرد، کە تەمەنی چوار ساڵانە بووە، هەر لەو تەمەنەوە دەســـتی بە ڕاهێنان کردووە و دواتر لە تەمەنی شەش ساڵی بەشداری لە پاڵەوانییەتی بەچکە شێرانی میونخ کـــرد و توانی نازناوەکە بباتەوە. ســـاڵی ١٩٧٧ هەر لەشـــاری میونخ پاڵەوانییەتی لاوانی بردەوە، باوکی بڕیاریدا واز لەکارەکەی بهێنی و مەشـــق بە کچەکەی بکات، لەیەکەم تاقیکردنەوەدا شـــتیفی گـــراف لە پاڵەوانییەتـــی ئەڵمانیا لە هۆڵەداخراوەکان، بەرانبەر بە یاریزانێك کە پلەی (٨٠) تووشی دۆڕاندن هات. لەســـاڵی ١٩٨١ گراف یەکەم یاریزانی ئەڵمانی دەبـــێ کە نازنـــاوی جیهانی بۆ لاوان لـــە هەرێمی فلۆریدای ئەمریکی بباتەوە و لە تەمەنی ســـیانزە ساڵی توانی نازناوی پاڵەوانییەتی لاوان بۆ تەمەنی (١٨) ســـاڵی لە ئەڵمانیا بباتەوە و دوای چـــوار مانگ گراف توانی ناوی بخانە لیستی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهانی بە پلەی (٢١٤) لەسەر ئاستی جیهانی.



# ـاسنی تێنسی سـەرزەوی جیهانی

گراف یەکەمین یاریـــزان لە جیهان بێت ماوەی سێ سەد وحەفتا وحەفت هەفتە پارێزگاری لەیەکەمی جیهانی بکات.

ژیانی تایبەتی گراف

دوای دۆڕاندنـــی بـــە دە رۆژ لـــە پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆنی ســـاڵی ١٩٩٩ کچە یاریزانی ئەڵمانی شـــتیفی گراف بەیەکجـــاری وازی لـــە یاریکردن هێنا، سەرەڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا نازناوی کەسایەتی وەرزشی لە ئەڵمانیا وەرگرت، دوای چەند هەفتەیەك شـــتیفی گراف لە خوشەویســـتەکەی شوفێری ئەڵمانی میکائیل بارتیلز جیابۆوە، دواتر باس لەوە دەکرا کە گراف پێوەندی خۆشەویستی رادەبـــەدەری لەگـــەڵ یاریزانی بەناوبانگی تێنســـی ســـەرزەوی ئەمریکی ئەندرێ ئەگاسی هەیە و دواتر ژیانی هاوســـەریان پێکهێنا و ئێستاش خاوەنی دوو منداڵن و لە ئەمریکا ژیان بەســـەر دەبەن، گراف بە کچێکی ئاســـنی و بەتواناترین هێزی لەش ناسرابوو.







# نیشانە شکێنی لە کوردستان لە چ ئاستێکە و بۆچی فەرامۆش کراوە

یاری نیشانە شکێنی یەکێکە لە یارییە ئۆلۆمپییەکان، لەسەر ئاستی جیهان گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، لە کوردستانیش ئەم یارییە وەکو پێویست نییە، ساڵانە یەك پاڵەوانییەتی دەکرێتەوە، بۆ هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، تاکو ئێستا لە کوردستانیش هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە نییە، یاریزانانیش تەنیا لە کاتی پاڵەوانییەتییەکان بەدیار دەکەون، لە بارەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان ئەم ڕاپۆڕتەمان ئەنجامدا.

راپۆرت: کارزان کانەبی

**(مەحمود یونس)سەرۆکی یەکێتی نیشان شکێنی شاری هەولێر لەبارەی ئاستی ئەم یارییە وتی** «یاری نیشان شکێن یارییەکی جیهانییە. لە جیهان پێی دەڵێن یاری سەرۆك و پاشاکان، چونکە ئەوان ئەو یارییە زۆر دەکەن. لە رووی جەماوەرییشەوە لە جیهان هاندەرێکی زۆری هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق هیچ گرنگیەکی وای پێ نادرێت، تاکو ئێستاش ئێمە هاوکارییەکی وامان نەکراوە شایەنی باسکردن بێت، چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەمان لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان کردووە، بۆئەوەی چەند ئامێرێکی چەکمان بۆدابین بکات، چونکە نرخی چەکەکان زۆر گرانە تاکو ئێستا بۆیان دابین نەکردووین، یەکێتی ناوەندی نیشانە شکێنی عێراقیش سەرەڕای ئەوەی بەڵێنیان پێ داین، بەڵام هیچیان بۆمان نەکردووە، ئەو چالاکییانەی کە ئێمە دەیکەینەوە یەکێتی نیشانە شکێنی کوردستان هاوکاریمان دەکەن، وتیشی کێشەی ئێمە نەبوونی هۆڵێکی تایبەتە بەم یارییە هەر چەندە یاریزانێکی زۆریشمان هەیە کەوا بە خۆڕایی یاری دەکەن، تەنیا وەکو ئارەزوو یاری دەکەن. لە ئاستەکانی لاوان و ئافرەتان و بەتەمەنەکانیشمان هەیە، بەڵام نەبوونی هۆڵ و چەك بۆتە رێگری لە پێشکەوتنی ئەم یارییە. وتیشی یارییە تاکەکان گرنگی تەواوی پێ نادرێت.

**حەلیمە ڕەزاق یاریزانی نیشانە شکێنی، کە تەمەنی ٤٠ ساڵە، وتی** «بەلای من یاری نیشان شکێن یارییەکی زۆر خۆشە، چونکە لەسەر ئاستی جیهانی گرنگی پێ دەدرێت، منیش وەکو ئافرەتێك زۆر ئارەزووی یاری نیشانە شکێنیم هەیە، بەڵام پێویستە لەسەر لایەنە پێوەندارەکان گرنگی زیاتر بە ئافرەتی وەرزشوان بدرێت، بۆئەوەی زیاتر بێتە نێو یارییە جۆراوجۆرەکان، بەهیوای ئەوەشم چەك و هۆڵی تایبەتمان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت. وتیشی ساڵانە کردنەوەی یەك خول بۆ ئێمە زۆر کەمە پێویستیمان بە کردنەوەی خولی زیاترە، ئێمە تا ئێستاش وەکو یاریزان هیچ مووچەیەکمان نییە.

**زەهرا ئەحمەد یاریزانی نیشان شکێن وتی** «ئێستا ئاستی ئەم یارییە وەکو پێویست نییە، بەهیوای ئەوەم ئەم یارییە گرنگی زیاتری پێبدرێت و پشتگیری تەواوی یاریزانان بکرێت، وتیشی کەموکورتیمان گەلێك زۆرە وەکو نەبوونی هۆڵ و نەبوونی دەمانچە و چەك و نەبوونی پشتگیری ماددی بۆ یاریزانان و بەهیوای ئەوەم حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زۆر بە توانای ئافرەتانی وەرزشوان بدات، کاتێکی باشیان بۆ بڕەخسێنێ بۆپێشکەوتنی ئەم وەرزشە.

**فەرید مەحەمەد یاریزان وتی** «بەڕاستی ئێمە وەکو یاریزان لە یاری نیشانە شکێن گرنگییەکی زۆر بە ئاستی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی وەکو وڵاتانی دنیامان لێ بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئێمە گرنگی بە خۆمان بدەین، بەڵام کێشەی ئێمە نەکردنەوەی پاڵەوانییەتی زیاترە، ماوەی یەکساڵ چاوەڕوانی تەنیا یەك خول دەکرێتەوە و تەواو، ئێمە کێشەی هەرە گەورەمان نەکردنەوەی خول و نەبوونی پێداویستی وەرزشییە وەکو نەبوونی دەمانچەو تفەنگە، نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە لە شاری هەولێر هۆکار دەبێت بۆپێشنەکەوتنی ئاستمان، بۆیە بەهیوای ئەوەم تا زووە گرنگییەکی باش بەم یارییە بدرێت و پشتگوێ نەخرێت.



مەحمود یونس



حەلیمە ڕەزاق



زەهرا ئەحمەد





**ڕێدار حیکمەت یاریزانی یانەی بروسك وتی** «ئێمە وەکو یاریزان هەر چەندە گرنگی زۆر بەتوانای خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی یاری نیشانە شکێنی لە کوردستان بەرەو پێش ببەین، بەڵام چەندین هۆکار هەیە کەوا ئاستی یاری نیشانە شکێنی دەباتە دواوە، وەك نەبوونی هۆڵی تایبەت بەم یارییە و نەبوونی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بۆئەم یارییە، ئەنجامنەدانی پاڵەوانییەتی زۆر بۆ ئەم یارییە، نەبوونی ئامێری یاری پێشکەوتوو، ئەوانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشی یاری نیشانە شکێنی پێشنەکەوێت، ئێمە ساڵانە دوای خۆئامادەکرنێکی زۆر تەنیا یەك خولمان بۆ ئەنجام دەدرێت. ساڵێك چاوەڕوانی و یەك خول، یاریزانان بێئومێد دەکات. بۆیە ئەگەر بکرێت ئامێری پێشکەوتوو و خولی بەردەواممان بۆ بکرێتەوە، ئێمە ئاستمان زۆر پێشدەکەوێت، بەڵام ئێمە بەم جۆرە بەردەوام بین ئەوا هیچ ئاستی یارییەکەمان پێشناکەوێت، پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس گرنگی زیاتر بە ئاستی وەرزشی تاکەکان بدرێت، چونکە لەم یارییە ئەنجامی بەرچاو بەدەست دێت لەسەر ئاستی عێراق و عەرەبی و جیهانیش، بە پێچەوانەوەش گرنگییەکی زۆر بە یارییە کۆمەڵەکییەکان دەدرێت وەکو تۆپی پێ و یارییەکانی تر، بەڵام یاری نیشانە شکێنی هیچ گرنگییەکی وای پێنادرێت کە شایەنی باسکردن بێت. هەر چەندە جەماوەرێکی زۆریشی هەیە، لەسەر ئاستی جیهانی بە یاری پیاوە گەورەکانیش دادەنرێت.



# بە کورتی

* لــە چوارچێــوەی یارییەکانــی خولی پلە نایابەکانی کوردســتان بۆ تۆپی باڵە، شــەش یانە توانیان ســەرکەون بــۆ قۆناغی کۆتایی ئەم خولــە، دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی باڵەی کوردســتان یانە بەشــداربووەکانی بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کرد لــە کۆمەڵەی یەکەم، کە لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو هەر سێ یانەی نیشتمان و پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵەبجەی شــەهید توانیان سەرکەون بۆ قۆناغی کۆتایی و لە کۆمەڵەی دووەم، کە یارییەکان لە شــاری هەولێــر ئەنجامــدرا هەریەکە لــە یانەکانی شەقڵاوە و هەولێر و هێرش توانیان سەرکەون بۆ قۆناغی کۆتایی کەوا بڕیارە قۆناغی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەشێوازی چوون و هاتن بە دوو قۆناغ بەڕێوە بچێت.

لە بەرانبەردا شەش یانە رکابەری لەسەر مانەوە لە خولی پلە نایابەکانی کوردســتان بۆ تۆپی باڵە دەکەن، دوای ئــەوەی لە هەردوو کۆمەڵە نەیانتوانی سەرکەون بۆ قۆناغی کۆتایی، بۆیە یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان خولێك بۆ ئەم شەش یانەیە ئەنجام دەدات، لەم خولە دوو یانە بۆ خولی پلە یەکەکانی کوردســتان دادەبەزێت یانەکانیش بریتین لە (شێخان و ئارارات و کۆیە و چوارقوڕنە و شۆڕیجە و ئەکاد) ئەم خولە لە مانگی چوار ئەنجام دەدرێت.

* بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر تەئکید لەوە دەکاتەوە، کە رەنگە بڕی ٤١ ملیۆن دینار بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردســتان بگەڕێننەوە، چونکە ئەوان بودجەیەکی تەواویان لــە حکوومەتی هەرێمی کوردســتان وەرگرت بۆ کردنــەوەی خولی تۆپی پێی بــۆ ناوەندە وەرزشــییەکانی هەولێر بە شــێوازی دوو خول ئەنجام بدرێت، بــەڵام ئەم خولە بە یەك قۆناغ بەڕێوەچوو، چونکە کاتی هاتنی بودجە کاتەکە گونجاو نەبوو بۆ ئەنجامدانی قۆناغی دووەم و کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی قوتابییەکان بوو، بۆیــە بڕی ٤١ ملیۆن دینار لەم بودجەیە مایەوە دەبێــت بگەڕێتەوە خەزێنە، چونکە ئەم بڕە پارەیە بەشی هیچ چالاکییەکی تر ناکات.

*بنکــەی وەرزش و لاوانی هەولێر بڕیاری دا هەردوو تیپی بنکەی ناوبراو خەڵات بکات دوای ئەوەی توانیان ئەنجامی باش بە دەســتبهێنین، تیپــی تازەپێگەیشــتووانی بەرزکردنــەوەی قورســایی بنکەی وەرزش و لاوانــی هەولێر توانی لە پاڵەوانێتی یانەکانی شــاری هەولێر پلەی دووەم بە دەستبهێنین و چەند یاریزانێکی بۆ هەڵبژاردەی بەرزکردنەوەی قورسایی هەولێر دەستنیشــان کرا، بەهەمان شێوە راهێنەرەکەی و هەروەها تیپی جمناســتیکی بنکەی وەرزش و لاوانــی هەولێر توانیان پلەی دووەم لەســەر ئاســتی یانەکانی شاری هەولێر بە دەستبهێنن ئەمەش خەڵات کردنە بۆ ئەوەی تاکو تیپەکانی تــری هەمان بنکە بتوانــن ئەنجامی باش لە پاڵەوانێتییەکان بە دەستبهێنین.

* کۆمپانیای پارسیانی مەرکەزی بەهاوکاری یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردســتان یاری و پاڵەوانێتــی دۆســتانە لەهەرێم رێکدەخات و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانی تۆپی پێ لەهەر چوار شاری کوردستان دەکاتەوە.

پاش ئەوەی هەردوولا نووســراوی فەرمی و تایبەتیان ئاڵوگۆڕکرد و لەســەر ناوەڕۆکەکەی رێککەوتن، کۆمپانیای پارسیان بەهەماهەنگی و هــاوکاری یەکێتــی ناوەنــدی تۆپی پێی کوردســتان، چوار قوتابخانەی یاری فوتبۆڵی بۆ بەچکەشێران و تازەپێگەیشتووان لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆك دەکاتەوە، هەروەها رۆژی (٣/١٧) لەپەراوێزی فێستیڤاڵی وەرزشــی هەڵەبجــەدا کۆمپانیای پارســیان یارییەکی دۆستانەی لەنێوان یانەیەکی کۆماری ئیســلامی ئێران و هەڵبــژاردەی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان لەشاری هەڵەبجە رێکدەخات و لەناوەڕاستی مانگی تەمووزی ئەمساڵیشدا پاڵەوانێتییەکی دۆستانە و نێودەوڵەتی لەشاری هەولێر رێکدەخات و هەڵبژاردەکانی (کوردستان و عیراق و ئێران و ئازەربایجان) هاوبەشــی تێدا دەکەن.

لەلایەن خۆیەوە د. کامەران رەهبەری سەرۆکی کۆمپانیای پارسیان سوپاس و پێزانین ئاراستەی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکات.







## سیدرۆف لە خولی ئەمەریکاوە نزیکە

لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی ئەمسالی خولی ئیتالیا، گرێبەستی یاریزانی یانەی ئەی سی میلان و هەڵبژاردەی هۆڵەندە کلارنس سیدرۆف تەواو دەبێت، بەهۆی تەمەنی گەورەیی ناوبراو، دەستەی کارگێری یانەکە، بە نیاز نییە گرێبەستی ئەم یاریزانە نوێ بکاتەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە یانەکانی ئەمەریکا لە رکابەریدان بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەم یاریزانە بە توانایە، هەریەکە لە یانەکانی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی و نیۆریوك ریدبۆلز هەوڵ دەدەن گرێبەست لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆربکەن بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی وەربگرن، هەرچەندە تا ئێستا سیدرۆف هیچ شتێکی دەربارەی ئەم هەواڵە نەوتووە.
لە خولی ئەمەریکا بۆ تۆپی پێی چەندین ئەستێرەی بەناوبانگی ئەوروپا یاری دەکەن، وەکو دێڤید بێکهام و تیێری هێنری و چەندین یاریزانی تر.
جێگەی باسە کلارنس سیدرۆف لە سالی ٢٠٠٢ وە تا ئێستا لە ریزی ئەی سی میلان یاری دەکات، پێشتریش لە ریزی یانەکانی ئەیاکس ئەمستردام و ئەنتر میلان و ریال مەدرید یاری دەکرد.



## خەڵاتی بەحرێن-ی گەورە لە مەترسی دایە



بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکان کە لە وڵاتی بەحرێن روودەدات، سەقامگیری سیاسی لەم وڵاتە جێگیر نییە، بۆیە بەرپرسانی فۆرملا وەن مەترسی خۆیان لەم رووداوانە راگەیاند.
لەمبارەیەوە بیرنی ئیکلستۆن خاوەن مافی بازرگانی پاڵەوانێتی جیهانی بۆ فۆرملا وەن لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە بەرپرسانی فۆرملا بە گرنگەوە سەیری رووداوەکانی وڵاتی بەحرێن دەکەن، بۆ ئەوەی تەئکید بن لە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بەحرین گەورە بۆ فۆرملا ون، کە وا بڕیارە لە ١٣ی مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت، لە درێژەی قسەکانیدا ئیکلستۆن وتی: پێوەندی بە وەلی عەهد-ی بەحرێن شێخ سەلمان بن حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە دەکەم بۆ زانینی تازەترین گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە، بەڵام هێشتا زووە باس لە ئەنجام نەدانی ئەم پاڵەوانێتییە لە بەحرێن بکرێت، بەڵام ئەم گرووپە رەنگە بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن بیروبۆچوونی جیهان بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەم کارەش زۆر بە ئاسانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە ئەنجام دەدرێت.
رۆژنامەکانی وڵاتانی کەنداو باس لەوە دەکەن، کە خۆپێشاندران هەوڵ دەدەن لە کاتی دەستپێکردنی خەڵاتی بەحرێنی گەورە خۆپێشاندان ئەنجام بدەن.

## سانیا میرزا بەشداری لە پاڵەوانێتی دوحەی کراوە دەکات

دوای ئەوەی کچە یاریزانی هیندی سانیا میرزا ئاستی بەرەو نەزمی رۆیشت، زۆربەی رۆژنامەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد، کە یاریزانی ناوبراو ماوەیەك پشوو وەربگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە ئاستی پێشووی و رکابەری لەسەر پلەکانی یەکەمی ریزبەندی یاریزانە پیشەگەرەکانی تێنسی سەر زەوی جیهاندا بکات، بەڵام سانیا میرزا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا تەئکیدی لەوە کردووە، کە بەشداری لە پاڵەوانێتی دوحەی کراوە دەکات و ئەم پاڵەوانێتییە دەبێتە هۆکارێك بۆ گەڕانەوە سەر ئاستی پێشووی و ئاستی لەم پاڵەوانێتییە دەبێتە جێگەی سەرسووڕمانی گشت چاودێران و هەروەها سانیا تەئکیدی لەوە کردووە کە هەوڵ دەدات دووبارە بگەڕێتەوە پلەکانی یەکەمی ریزبەندی یاریزانە پیشەگەرەکانی تێنسی سەر زەوی جیهان، پاڵەوانێتی دوحەی کراوە بۆ تێنسی سەر زەوی لە بەرواری ٢١ تا ٢٦ی ئەم مانگە لە دوحەی پایتەختی قەتەر، بە بەشداری کردنی چەندین ئەستێرەی بەناوبانگی جیهانی ئەم یارییە ئەنجام دەدرێت.



## رۆناڵدۆ واز لە یاریکردن دەهێنێت


هەفتەی رابردوو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ئەستێرە و ئەفسانەی تۆپی پێی جیهانی رۆناڵدۆ بە چاوێکی پڕ لە گریان و بە ئامادەبوونی هەردوو منداڵەکەی بڕیاری وازهێنانی یەکجاری لە تۆپی پێی دا، لەم کۆنگرەیەدا وتی: پێکان یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارە، چونکە چوار ساڵ پێش ئێستا کاتێك لە ریزی یانەی ئەی سی میلان بووم پزیشکەکان پێیان راگەیاندم، کە نەخۆشییەك بەناوی غودەی دەرقیم هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە چەند دەرمانێکی تایبەتم دەخوارد دواتر تۆمەتی ئەوەیان خستە پاڵم، کە مادەی وزە بەخش دەخۆم.
لە درێژەی قسەکانیدا رۆناڵدۆ گوتی: لە ماوەی ژیانی وەرزشیم توانیم ئاستێکی بەرز لەگەڵ گشت ئەم یانانە پێشکەش بکەم، کە یارییم بۆ کردوون و هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل و چەندین دەستکەوتی مەزنم لە پاڵەوانێتییەکان بە دەستهێناوە ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ من.
جێگەی باسە رۆناڵدۆ لە هەریەکە لە یانەکانی بەرشلۆنە و ریال مەدرید و ئەی سی میلان و ئەنتەر میلان و ئایندهۆڤن و کۆرنتیانز و کرۆزێرۆ یاری کردووە و تەمەنی ٣٤ ساڵە.



پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، یەکێتی تۆپی پێی عێراق بڕیاریدا ڕاهێنەری ئەڵمانی بێرند ستانج بکاتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵبژاردەیەکی بەهێز بۆ بەشداری کردن لە ئۆڵۆمپیادی ئەسینای ٢٠٠٤ ئامادە بکات، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بێرند ستانج دووبارە گەڕایەوە عێراق و ئامادەی خۆی نیشاندا بۆ خزمەتکردنی بواری تۆپی پێی عێراق، ناوبراو یەکەم ڕاهێنەر بوو کە لەم کات و ساتە ناسکەدا دووبارە هەڵبژاردەی عێراقی ئامادە کرد بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکات، ئەم ڕاهێنەرە خزمەتێکی زۆری بواری تۆپی پێی عێراقی کردووە و زۆربەی یاریزانەکانی ئێستای هەڵبژاردەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە ژێر دەستی ئەم ڕاهێنەرە مەشقیان پێدراوە. دوای جێهێشتنی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق، دوای ئەوەی تیرۆریستەکان هەڕەشە کوشتنیان لێکرد ڕووی لە خولی قوبرس کرد و لەگەڵ یانەکانی ئەم وڵاتە چەندین دەستکەوتی مەزنی بە دەستهێنا لەوێش هەر خزمەتی تۆپی پێی عێراقی کرد، کاتێك بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانان محەمەد ناسر و هەوار مەلا محەمەد و مەهدی کەریم مۆرکرد بۆ ئەوەی لە خولی قوبرس یاری بکەن و گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەر عامر عەبدولوەهاب مۆرکرد بۆ ئەوەی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی گۆڵچی لەگەڵ یانەکانی قوبرس ئەنجام بدات، بێرند ستانج پێشتر ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و هەڵبژاردەی عومان بووە و ڕاهێنەری یانەکانی هێرتا بەرلین و بیرس گلوری ئوستراليا و ئەپۆلۆن ليماسۆل قوبرسی بوو، ئێستاش ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بیلاروسیایە و توانی ئاستی ئەم هەڵبژاردەیە بەرەو پێش ببات و هەڵبژاردەیەکی لاو بۆ ئەم وڵاتە دروست بکات و ئێستا هەڵبژاردەی بیلارووسیا لە ریزبەندی ٤٧ی جیهانە، دوای ئەوەی شاندی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لەسەر ئەرکی دکتۆر کامەران ڕەهبەری و بە هاوکاری لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان بە مەبەستی ڕووماڵکردنی یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا چوونە وڵاتی قەتەر لەم پاڵەوانێتییە چاومان بە ڕاهێنەری بە توانای هەڵبژاردەی بیلارووسیا بیرند ستانج، کە بەرەگەز خەڵکی وڵاتی ئەڵمانیایە کەوت، کە وەکو شیکەرەوەی یارییەکان لەگەڵ کەناڵی فۆکس سپۆرت-ی ئوسترالی لەم پاڵەوانێتییە کاری دەکرد و لە کاتی بەڕێوەچوونی یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئوستراليا و ئۆزبەکستان لە یاریگەی خەلیفەی نێودەوڵەتی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی – قەتەر

فۆتۆ: کاروان شێخ زیرەك





پەیامنێری گوڵان لەگەڵ ڕاهێنەر ستانج

*** بە رای تۆ هەڵبژاردەی عێراق لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا چۆن بوو؟**

- هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەم، چونکە هەڵبژاردەی عێراق دەیتوانی لەو ئاستە باشتر یاری بکات بە تایبەتی لە یارییەکەی هەردوو هەڵبژاردەی ئوستراليا و عێراق، کە ئوستراليا باشتر یاری کرد، بۆیە زۆر نیگەرانم بە دەرچوونی هەڵبژاردەکە لەم پاڵەوانێتییە.

*** بۆچی هەڵبژاردەی عێراق لەگەڵ ئوستراليا دۆڕا؟**

- لەم یارییە ئوستراليا باشتر یاری کرد، هەڵبژاردەی عێراق بە شێوازی تەکتیکی یاری نەدەکرد بە تایبەتی یاریزانە سەرەکییەکان وەکو یونس مەحموود، کە ئاستی وەکو پێویست نەبوو و هەروەها نەشئەت ئەکرەم ئاستی وەکو پێویست نەبوو، لە هەمان کاتدا یاریزانان باسم عەباس و مەهدی کەریم و هەوار مەلا محەمەد ئاستیان وەکو پێویست نەبوو، چونکە ئەم کۆمەڵە یاریزانە خاوەن ئاستێکی بەرزن، من چاوەڕوانی شتێکی زۆرم لەم هەڵبژاردەیە پاڵەوانێتییە دەکرد، بەڵام بەداخەوە کە زوو ماڵئاواییان کرد.

*** ئایا بە نیازیت لە ئایندە دووبارە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق وەربگرییەوە؟**

- ئێستا من ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بیلاروسیام و توانیم ئەم هەڵبژاردەیە بگەیەنمە ریزبەندی ٤٧ لەسەر ئاستی جیهان، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەم وڵاتە بچووکە، بۆیە سەبارەت بە

راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی عێراق ستانج تایبەت بە گوڵان

# هەڵبژاردەی عێراق دەیتوانی لەو ئاستە باشتر یاری بکات بە تایبەتی لە یارییەکەی هەردوو هەڵبژاردەی ئوسترالیا و عێراق



راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق لە ئاییندە زۆر زەحمەتە دووبارە راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق وەربگرمەوە، چونکە تەمەنم ٦٢ ساڵە رەنگە دوای راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بیلاروسیا بە یەکجاری واز لە بواری راهێنەرایەتی بێنم، هەرچەندە لە عێراق بە گشتی و لە هەولێر و شارەکانی تر چەندین دۆست و هاورێم هەیە و تاکو ئەمرۆش پەیوەندییم لەگەڵیان بەهێزە.

*** بە بۆچوونی تۆ یەکێتی تۆپی پێی عێراق بۆ پێشخستنی هەڵبژاردەی عێراق لە ئاییندەدا چی بکات؟**

- عێراق هەمیشە وڵاتێکی پێشکەوتوو بووە لە بواری تۆپی پێی، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە، کە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە دوای یاریزانی تر بگەرێت و یاریزانی لاو بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق بکەن بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردەیە نوێبونەوەی بەخۆوە ببینێت و دڵنیام لە ماوەیەکی کورتدا تۆپی پێی عێراق دووبارە دەگەرێتەوە گۆرەپان، لە هەمان کاتدا سەقامگیری زۆر گرنگە بۆ عێراق، چونکە نەوەی ئەمرۆی عێراق لە هەموو شتێك بێ بەش بوونە، بۆیە هەست و سۆزم بۆیان دەجوڵێت.

*** ئایا سیدکا راهێنەرێکی گونجاوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق؟**

- بەڵێ، گونجاوە و ئەمرۆ کاتی ئەوە هاتووە بیر لە چۆنییەتی سوود وەرگرتن لە تۆپی پێی بۆ پێشخستنی وڵات بکەنەوە و من ئامادەم لە هەر کاتێك هاوکاریان بکەم، ئەگەر پێویستیان پێ هەبێت و تەئکیدم لەوەی، کە راهێنەر سیدکا لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوام دەبێت.

*** ئەم یاریزانانەی ئێستای هەڵبژاردەی عێراق هەموو یاریزانی تۆ بوون، چ پەیامێکت بۆیان هەیە؟**

- سڵاو رێزم بۆ هەموو یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق هەیە و هەمیشە پشتگیرییان دەکەم و هەموو دۆستی منن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوای ئاشتی و سەرفرازی بۆ خەڵکی عێراق دەخوازم و هیوادارم شەر و توندوتیژی لەم وڵاتە نەمێنێت، چونکە وڵاتێکی مەزنە و پێویستە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە بیربکەنەوە و عێراقییەکان رۆڵەی منن و خۆشم دەوێن، پەنا بەخوا لە داهاتوویەکی نزیکدا یارییەکی دۆستانە لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و بیلاروسیا بۆ تۆپی پێ ئەنجام دەدرێت.